**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە : ٢/١٨٥٤٢ لە ٢٠١٥/٩/٩**

بە هۆی ئەوەی نزیکەی پێنج ساڵە خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە ، لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە هەڵگرانی ماستەر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی هەلی خوێندنی دکتۆرا دەکەن ، دوابەدوای ڕاوێژ لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت ولە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و بەمەبەستی ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ پێشکەشکارانی خۆێندنی دکتۆرا . بڕیارماندا بە هەمواركردنی تەوەری یەكەم خاڵی (٢) بڕگەی (أ) لە ڕێنمایی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٥) تایبەت بە خۆێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان ، بەم شێوازەی لای خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٥**

**ڕێنمایی هەمواركردنی ڕێنمایی خوێندنی دکتۆرا لە**

**زانکۆحکومییەکان ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٥**

**٢- مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی :**

أ- کەمترین ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ خوێندنی دکتۆرا بەم شێوازە دەبێت کە لە خشتەی هاوپێچدا ئاماژەی پێکراوە ، لە کاتی پێشبڕکێدا پێشکەشکاران بۆ کەمترین نمرەی توانستی زمانی ئینگلیزی لەو تاقیکردنەوە ستانداردانەی ئاماژەیان پێکراوە (پێنج) خاڵ وەردەگرن ، بەزیادبوونی هەر (٠،٥) نیو نمرەیەك لە تاقیکردنەوەی ( I ELTS ) یان هاوتاکەی لە تاقیکردنەوەی ستانداردەکانی دیکەی توانستی زمان (٢) خاڵ وەردەگرن ، هەر وەك لە خشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە.

بەڵام ئەگەر پێشکەشکار لە قوناغی پێشکەشکردندا کەمترین نمرەی یەکێك لە تاقیکردنەوە ستانداردەکانی توانستی زمانی ئینگلیزی بەدەست نەهێنابوو ، ئەوا ڕێگای پێ دەدرێت بچێتە پێشبڕکێ و بەشداری تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بکات بەڵام لە پێشبڕکێدا خاڵی توانستی زمانی ئینگلیزی وەرناگرێت ، ئەگەر لە ئەنجامی پێشبڕکێ وەرگیرا ، ئەوا وەرگرتنەکەی مەرجدار (Condi ti onal) دەبێت و پێویستە لە ماوەی شەش مانگ لە دەستپێکردنی خوێندنی دکتۆراکەی کەمترین ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی بەدەست بهێنێت ، بە پێچەوانەوە بە سەرنەکەوتوو ئەژمار دەکرێت و سڕینەوەی ناوی بۆ ئەنجام دەدرێت ، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەڵێننامەی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی زانکۆکەی پێشکەش بکات .

**د.یـوسف گـۆران**

**وەزیری خوێندنی بـاڵا و توێژینەوەی زانستی**

| بواری خوێندن | | جۆری تاقیکردنەوە | | | وەرگرتنی خاڵ بۆ هەر یەکێك لە تاقیکردنەوەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | IELTS | TOEFL (IBT) | TOEFL (PBT) | Pearson Academic (PTE) | |
| زانستە پەتی و سروشتی پراکتیکی و پزیشکیەکان ( العلوم الصرفة والطبيعية والتطبيقية والطبية | 4 | 40 | 450 | 36 | 5 |
| | 4.5 | 48 | 473 | 41 | 7 |
| | 5 | 56 | 495 | 47 | 9 |
| | 5.5 | 64 | 518 | 52 | 11 |
| | 6 | 72 | 541 | 58 | 13 |
| | 6.5 | 80 | 564 | 63 | 15 |
| | 7 | 88 | 586 | 68 | 17 |
| | 7.5 | 96 | 609 | 74 | 19 |
| | 8 | 104 | 632 | 79 | 21 |
| | 8.5 | 112 | 654 | 85 | 23 |
| | 9 | 120 | 677 | 90 | 25 |
| زانستە مرۆڤایەتییەکان | 3.5 | 32 | 427 | 32 | 5 |
| | 4 | 40 | 450 | 36 | ٧ |
| | 4.5 | 48 | 473 | 41 | ٩ |
| | 5 | 56 | 495 | 47 | ١١ |
| | 5.5 | 64 | 518 | 52 | ١٣ |
| | 6 | 72 | 541 | 58 | ١٥ |
| | 6.5 | 80 | 564 | 63 | ١٧ |
| | 7 | 88 | 586 | 68 | ١٩ |
| | 7.5 | 96 | 609 | 74 | ٢١ |
| | 8 | 104 | 632 | 79 | 23 |
| | 8.5 | 112 | 654 | 85 | 25 |
| | 9 | 120 | 677 | 90 | 27 |